کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-12-2007 21:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر توێژینەوەکەی دکتۆر یوسف عوسمان ڕاست بێت کەواتە هەرێمی کوردستان بوە بە شوێنێکی زۆر مەترسیدار بۆ ژنان لەترسی دەستدرێژی کردنی سێکسی لەلایەن بەرپرسەکانی حکومەتەوە ... باوکی شازاد

بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی دژە توندوتیژی دەرهەق بەژنان لە 25 نۆڤیمبەری هەموو ساڵێک لە جیهان ئەو یادە بەرز ڕادەگیرێت جۆرەها ئەکتیڤیتیت بەو بۆنەوە بەڕێوە دەچێت لەلایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکی کەر لە مافی ژنان، لەکوردستانی خۆشمان چەندین چالاکی هەمەجۆر بەو بۆنەیەوە بەڕێوەچوو، لەوانە بەخشینی دیاری بەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبوە لە داکۆکی کردن لەسەر مافی ژنانی کوردستان خوشکی بەڕێزمان (خەندانی حەمەجەزا) پیرۆزبایی لێ دەکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی، وە لە زۆر شارەکانی کوردستان ژنان زۆر بەرنامەی تایبەتیان پێشکەش کرد، وە گەرمترین تەوەری باس و لێکۆڵینەوەکان ئەوەبو کە بەشیوەیەکی زۆر زەق و دیار ژنانی کوردستان ڕوبەڕوی کوشتن و ئەتک کردن و سوتان دەبنەوە لەلایەن کەس و کارەکانیان، ئەوەش بوە مایەی دڵ ناخۆشی هەمو لایەک کەدەڵێن لە بەهاری ساڵی 1991 هەتا ئێستا 30000 ژن لە کوردستان ژیانیان لەدەست داوە بە هۆی مەسەلەی تۆڵە کردنەوەی شەرەف، لەناوبراون یان خۆیان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە هەرچۆنی بێت بەڕاستی ژمارەیەکی تۆقێنەرە شۆڕشێک هەر ئەوەندە خوێنەی بۆ دەڕژێت گەلێکی پێ ڕزگار دەبێت کەچی خوێنی ئەو هەمو ژنە ڕژاوە تازەبەتازە لەو ماوە کورتە ئەو هەموو دەستدرێژیەیان بکرێتە سەر لە لایەن کێش؟ بەرپرسەکان!! مەسەلەیەک هەیە دەڵێ (خەڵک شێت دەبێ دەچێتە سەر ئۆمەرمەندان باشە ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بێت ڕولە کوێ بکات) ؟ واتە ژنان لەکوردستان توشی شەڕێکی گەورەی ناوخۆیی بونە لە شەڕە کەدا نابەرابەریەکی زۆر هەیە لە نێوان پیاوان و ژنان لەبەر ئەوەی پیاوان هەمو جۆرە چەکێک دەتوانن بەکار بێنن و کۆمەڵ و یاساو ئاین ڕێگای پێداون کە درێژە بەو شەڕە ناوخۆییە بدەن لە نێوان ڕەگەزی نێرینەو ڕەگەزی مێینە لەوانە شەڕی خوشک کوژی، ژن کوژی هەندێک جار دایک کوژیش دەبینین، ئەگەر سنورێک دانەنریت بۆ ئەو شەڕە ئەوە هەر بەردەوام دەبێت، دەبی هەمو ساڵێک بڵێین (ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار) ئەوەی کە سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە ئەو ڕاپۆرتە بوو کە لە لایەن بەڕیز دکتۆر (یوسف عوسمان حەمەد) ئامادە کرابو ئەویش باس لەشتیکی زۆر هەستیار دەکات کە ئەگەر ئەو توێژینەوەیە موبالەغەی تیا نەبێت و تەعبیر لە راستی وەزعەکە بکات کە لە کوردستان دیاردەکە بەو شێوەبێت ئەوە مانای وایە هەرێمی کوردستان توشی قەیرانێکی گەورە بوە بەهۆی دەست درێژی سێکسی لەلایەن بەرپرسەکانی حکومەتی هەریم لەسەر ژنان، بەڕاستی ئەو ڕاپۆرتە باس لە ئامارێکی ترسناک دەکات کە برێتیە لەوەی تەنها لە ماوەی دوو دانە ساڵدا 435 ژن دەستدریژی سێکسیان کراوەتە سەر لەلایەن پیاوانی بەرپرس و خاوەن کۆمپانیا تایبەتەکان، بەداخەوە جێگەی نیگەرانیە، هەرچەندە ناوی کەسێک لەو بەرپرسانە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام پێکهاتەی ئەو پیاوانە بە پێی ئەو راپۆرتە خۆی دەبینێتەوە لە کەسانی وەک وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەر و چەند کۆمپانیایەک لەگەڵ هەندێک بەرپرسی تر کە لەوانەیە پەیوەندی بە پارتە سیاسیەکانەوە هەبێت، من هەرچەندە گومانم لەو ئامارە هەیە چونکە لە ماوەی دوساڵ ئەگەر ئەوەندە دەستدریژیە کرابێت و لە بنکەکانی پۆلیسدا ژنان داوایان لەسەر ئەوپیاوانە تۆمار کردبێت، لێرەوە پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە ئایە دەبێ چەند حالەتی تر ڕویدابێت و بە یەکێک لە هۆکارەکان دیزە بەدەرخۆنە کرابێت جا بەهۆی قەرەبوکردنەوەی پارەو پۆل بێت یان لەریگای چاو سور کردنەوەو هەڕەشەی کوشتن و ناموس بردن بوبێت کە خەڵک نەیوێراوە داوای فەرمی تۆمار بکات لە سەریان، جێگای داخە کە کار گەیشتبێت بەو ئاستە کە ڕێژەی ئەو تاوانە سوک و چروکە وا بەرز بوبێتەوە، هەرچەندە لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن جا ئەوە شتێکی سروشتیە لە وڵاتە پێشکەوتوەکانیش شتی وا زۆرە، لێرەوە دەمەوێت بڵێم ڕاستە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لای ئەوان شتی وا هەیە بەڵام ئێمە جیاوازین لەگەڵ ئەواندا، لای ئەوان یاسا هەیە، ئەو یاسایەش لەسەر هەموان وەکو یەک جێبەجێ دەکرێت، سەرۆکی وەزیران وەکو کرێکاریکی بێکاری کەم دەرامەت مامەلەی لەگەڵ دەکرێت واتە یەکسانی هەیە لە بەرامبەر یاساکان، لەو شوێنانە ئەگەر مەلیکی ئەو وڵاتە یان کوڕەکەی لە شەقامێک خیرا تر سەیارە کەی لێبخوڕێت لەوەی کە ڕێگای پێدراوە پۆلیسێکی بێ دەرەجە سزای دەدات وەکو کەسێکی نۆرمال، هیچ کەسێکیش ناتوانێت ڕێگای لی بگرێت، جارێ هەر بەرپرسە حیزبیەکان هەر ناتوانن خۆیان دیار بخەن بە هیچ شێوەیەک لەبەر ئەوەی هەر کاریکی بچوک لەلایەن ئەوانەوە بکریت و بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەبێ ئەو بەرپرسە حیزبیە بە پەلە یان داوای لیبوردن بکات یان دەبێ دەر بکرێت لە حیزبەکەی بۆ ئەوەی کاردانەوەی خراپی نەبێت لە سەر حیزبەکەی کاتی هەڵبژاردنەکان، بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئەوەی ناوی یاسایەکی بەهێز بێت بۆ ئەو مەسەلانە وجودی نیە، ئەوەی کە دەشی بینین زیاتر لە یاسای ناو دارستانەکان دەچێت، لەبەر ئەوەی کەسی بەهێز دەستی دەڕوات و خەڵکانی بێ هیزو بێ پشت و پەنا حاڵیان زۆر خراپەو هەمو یاسا توندەکانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت بۆ وێنە دزێکی گەورە وەکو ئەو شادزانەی کە ئێستا پەیدا بونەو خاوەنی بە ملیۆنەها دۆلارن کە دەتوانم سوێند بخۆم یەک دۆلاریان بە ئارەقەی نێوچەوانیان پەیدا نەکردوە هەر هەموی سەروەت و سامانی خەڵک و گەلی کوردە دەستیان بەسەر داگرتوە کەچی ئەوان بەخۆیان و حیمایەکانیان دەسوڕێنەوە کەس نیە لێپێچینەوەیان لە گەڵ بکات زۆربەشیان کاربەدەستن و هەر ئەوانیشن ئە دەست دریژیانە دەکەنە سەر ژنان، بەڵام گەنجێکی برسی کوڕە هەژارێک لەسەر دزینی مۆبایلێک یان مریشکێك یان پاسکیلێک چەندین ساڵ حوکم دەدرێت و یاسایەکەی لەسەر جێ بەجێ دەکەن بەبێ کەم و کوڕی، ئەگەر بۆ وێنە بەرپرسێکی گەورە یان کوڕەکەی لە کوردستان دەست درێژی بکاتە سەر کچە کوردێکی هەژار یان ژنێکی بێ خزم و کەس ئەوە هەرگیز ئەو کچە ناتوانێت داوای مافی خۆی بکات لەوانەیە ئەگەر زۆر خۆی بێتام بکات ئەو بەرپرسە یان لەنێو خەڵک سوک و ڕسوای دەکات یان بە شێوەیەک لە شیوەکان لەناوی دەبات وەیان چارەسەری مامناوەندی بۆ دەدۆزێتەوە لە یەکێک لە دەست و پێکانی خۆی مارەی دەکات بۆ ئەوەی ئەگەر جار بەجاریش دڵی ویستی سەردانی بکات و حەزە سێکسیەکەی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە، وە ئەگەر کەسێکیش پەیدا بو ئەوە دیسان بە پارەو پوڵ چاوی دەنوسێنن یان ئەویش بەدەردی کچەکە دەبەن، من بێشکم لەوەی کە ئەو ڕاپۆرتە بنەمایەکی ڕاستی تێدا هەیە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەگەر لە 435 حالەتی دەست درێژی کە کراوە هەتا ئێسا یەک لەو حالەتانەمان نەدیبێت بڵێن لەو ڕۆژە بەرپرسێک دادگایی کراو لەسەر ئەوەی دەست درێژی کردۆتە سەر ژنێکی کورد، لەسەر ئەو کردەوە ناشیرینەی بڵێن بڕیاری دادگا دەرچوە ئەوەندە بەندی بۆ براوە تەوەو لەسەر وەزیفەکەی لادرا لەبەر ئەوەی لەریگای ئەو وەزیفەوە ئەو کارەی ئەنجامداوەو ئەوندە پارەش وەک و قەرەبو لیی وەرگیراوە بۆ ئەو ژنەی کە دەستدریژی کراوەتە سەر، کە شتێکی لەو بابەتە نەکرابێت! جا دڵمان بەچی خۆش بێت، هیوا دارم ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان تاوو توێ بکرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر کار گەیشتبێت بەو ئاستە کەواتە باری کۆمەلایەتی کوردستان زۆر شڕەو زەنگێکی ترسناکە بۆ ئەوانەی بەرپرسن لە سەرو ماڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان، بەبۆچونی من پێویستە لیستی ئەو ناوانە بڵاو بکرێنەوە بۆ خەڵکیان ئاشکرا بکەن ئەگەر شتی وا ڕویداوە، هەر هەمویان پێویستیان بە سزادانی پڕ بە پێستی ئەو تاوانانەیان هەیە کە ئەنجامیان داوە، پێویستە پەرلەمان یاسایەک دەربهێنێت تایبەت بە دەست دریژی سێکسی لەسەر ژنان، وە بەرێز کاک (مەسعود بارزانی) بەشێوەیەکی یاسایی بەرپرسی ژمارە یەکە لە دانانی حەدێک بۆ بنبڕکردنی ئەو تاوانانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

9-12-2007 21:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و بەرامبەر بە یەزدان و بە گەلەکەی هەقی لێپرسینەوەی هەیە، ئەگەر ئیجرائاتی پێویست نەکات، باشە چۆن دەبێ ئەوانەی کە خۆیان بەداکۆکی کەرو خاوەنی خەڵکی کوردستان دەزانن بەو شێوەیە ڕەفتار لە گەڵ ژنانی کورد بکەن کەواتە عارەب ووتەنی (حامیها حەرامیها) واتە حەرەسەکان هەر خۆیان دزەکانن، بۆیە ئەگەر چارەسەری قەیرانێکی وا گەورەو هەستیار نەکرێت ئەوە سالآنی داهاتو زیاتر پەرە دەسێنێت وە خەڵکەکەش پاساو بەوە دەهێننەوە کەوا بۆ بەرپرسەکان شتی وا دەکەن کەس موحاسەبەیان ناکات، دەڵێن ئێمەش وەکو ئەوانمان زیاتر نەکردوە، هەرخوادەزانێت ئەوانەی کە دەستدرێژیان کراوەتە سەر ئێستا چارەنوسیان بەچی گەیشتوە بێ شک زۆربەیان ئێستا لە ژیاندا نەماون، بەهۆی کڕینەوەی شەڕەف لە لایەن خانەوادەکانیان لە ناوبراون، بۆیە هەرچەندی پەلە بکرێت هێشتا کەمە خوازیارم بەو نزیکانە هەواڵی باشمان گوێ لێبێت وە بەچاوی خۆمان ببینین چەندین تاوەنبار لە دادگاکان سزای پێویست دراون، وە سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاک (نێچیروان بارزانی) ئەرکی خۆیەتی کەسانی بەرپرس ئەوانەی بەو کارە ناشیرین و دژ بە مرۆڤایەتیانە هەڵساون سزایەکی قوڕسیان پێ بدات و لە پۆستەکانیان وەدەریان بنێت جا هەرچی پلەیەکی حیزبیشیان هەبێت گرنگ نیە حیزب بۆ خزمەتی گەل دروست کراوە نەک بۆ ئەتک پێکردنی، بۆ ئەوەی ببن بە عیبرەت بۆ ئەوەکانی تر تاک و کەسی تر جورئەت نەکات بەهۆی ئەو پلەو پایەی کە لەناو حکومەت پێیان دراوە بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، خۆ ئەگەر دەشڵێن شتی وا نیەو ڕوی نەداوە با بەیانێکی ڕەسمی دەربکەن و ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە بە درۆ بخەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک ڕاستیەکان بزانێت، بەڵام ڕەتکرتنەوەیەکی بە دێکۆمێنت و ڕاست نەک وەکو شتەکانی تر تەنها بۆ داپۆشینی دیاردە ناشیرینەکان بێت، وەلە هەمان کات ئەگەر یاسایەکی تێرو تەسەل هەبێت خەڵکانی کە لە کۆمپانیا تایبەتیەکان کاردەکەن ئەوانیش دەترسن و کاری وا دژ بە هاوڕێ ژنەکانیان ئەنجام نادەن، لەبەر ئەوەی ئاگەر ئەو ڕاپۆرتە بکەوێتە دەست ڕێکخراوە مرۆییەکانی داکۆکی کەر لە مافی ژنان ئەوە زۆر لەسەرمان دەکەوێت چ وەکو گەلی کورد چ وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێشتا ناوو ناتۆرەی بەندیخانەکانی ئاکرێ و قەڵاچوالآنمان لەسەر ڕەش نەبۆتەوە ئینجا نۆرەی دەستدرێژی سێکسی بەرپرسەکانی حکومەتی هەریمی کوردستانە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.